ئەی عائیش، ئەوە جبریلە سەلامت لێدەکات، ووتم: وعلیه السلام ورحمة الله وبرکاته، ئەوەی تۆ دەیبینی؛ من نایبینم

لە عائیشەوە -ڕەزای خوای لێبێت- دەڵێت: ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «ئەی عائیش، ئەوە جبریلە سەلامت لێدەکات»، ووتم: وعلیه السلام ورحمة الله وبرکاته (وەڵامی سەلامەکەی (-دایەوە)، ئەوەی تۆ دەیبینی؛ من نایبینم (مەبەستی پێغەمبەری خودایە -صلى الله عليه وسلم-».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ڕۆژێکیان پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی بە عائیشە دا کە جبریل -علیه السلام- سەلامی لێدەکات، ئەویش -ڕەزای خوای لێبێت- وەڵامی سەلامەکەی جبریلی دایەوە ووتی: وعلیه السلام ورحمة الله وبرکاته، پاشان ووتی بە پێغەمبەری ووت -صلى الله عليه وسلم-: ئەوەی تۆ دەیبینی؛ من نایبینم، واتا پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- جبریل دەبینێت وئەو نایبینێت.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/11178